# لەبەر ساموٚتکەی تەعریب-دا ، ئاوریك لە جووتیاری کورد ، لە قوٚناغی سەختەوە بوٚ قوٚناغی سەختتر !

سیروان کاروانی

هاوسی هەمو وەک دالن و ئەم کوردە وەکو لاک
چنگیان لە جگەرگاهی هەمو داوە بە بی باک "حەمدی ١٨٧٦ - ١٩٣٦"

بێگومان ڕۆژگاری تاڵ و شەوگاری نیوەبێدار و دەمانی ئۆقرە نەگرتوو، هەمیشە لەگەڵ ڕەوتی سووڕانی مێژووی هەستۆکی ئەم کەونەدا هەبوونە و، لە هەموو ململانێکانی بونەوەراندا شان بە شانی هەموو ویست و ئارەزووەکان و بەزۆریش دژی زۆربەی خواستەکانی ئادەمیزاد، وەک دوندی ڕەش وەستاون و مۆتەکە و دڵەخورپەیان بەسەر گیانەوارااندا داداوە و خەوی شیرینیان لێ زڕاندوون. تەنانەت هەموو مرۆڤێکیش لەم جیهانەدا، کەم و زۆر ئەو مەینەتییانەیان تووش بووە/دەبێ و گەر سات ساتیش بێ، تووشی ماتەمی بوونە/دەبن، بەلام کەی و لەکوێ و هەتا کەی.

بوونی پلە بە پلەی دەستەلات لەناو تێکڕای گیانلەبەراندا، هیچ کات نکوڵیی لێ نەکراوە، کە کار و کاردانەوەی خۆی ئێجگار بە زەقی هەبووە و یەکێک لەو شێوازانە بووە کە هەردەم بوونی خۆی سەلماندووە. دڕندەکان بەسەر گیانەوەرە میهرەبان و دوور لە هێزی ستەمەکان زاڵ بوونە و، لە وەخت و ناوەختدا، هەڵیان کردووە و بارانی ڕق و کینەیان بەسەریاندا باراندووە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، هەموو دەستەلاتێکی زەبروزەنگی و دوور لە جیهانی ئارام و یەکسانی، هەر ڕۆژێک بووە کە بکەونە ناو ئاگری ئەو نامرۆڤایەتییەی کە خۆیان هەڵیان گیرساندووە. لە جیهانی ئەمڕۆشدا، هێندێک جار ڕەوشتی لەو شێوەیەی دوور لە مرۆڤایەتی دەبیسترێ کە زۆر بە ئاسانی لەگەڵ ڕەوشی سەردەمی ئێستا یەک ناگرنەوە و جێگای پەسندکردن نینە و بڵکو دەبووایە زۆر لەمێژە کۆتایی بەو هێزی جەور و ستەمە بێ.

گەلی کورد لە بەشی خوارووی کوردستاندا، پاش ئەوەی سالانێکی دووردرێژە لەژێر چەپۆکی دێوەزمەیەکی ئێجگار دوڕندە مافەکانی ژیانی دەپلیشێتەوە و ویست و ئارەزووەکانی ژێرخاک دەنرێ، ئێستاش کە بە هۆی گۆڕانکارییەکانی هەرێمییەوە بەشێکی بچووکی ئەو خاکە لەژێر پێی دێوەزمەکاندا دەرهاتووە و تا ڕادەیەک سەربەستییەکی تێدا بەدی دەکرێ، بەلام چی هەیە لەوە ترسناکتر و ناخۆشتر بێ، کە هێشتا داگیرکەر لەسەر موڵکومالێ بێ و بێ هیچ ویژدانێکی مرۆڤانە موڵکی خۆت بە ئامانەت بداتێ و بە نیوەتۆو بۆیان بەناو بهێنی؟
بەشێکی ماوەی ئەو خاکەی نیشتیمان کە پڕسامانە و هێشتا بە دەست داگیرکەرەوەیە، پەیتا پەیتا ڕژێمی دەستەلاتدار خەڵکەکەی دەردەکات و ناسنامەی هێندێکیان لێ دەکات بە عەرەب و بەو شێوەیە ژیانی خەڵکی کوردی خزاندۆتە ناو چاڵی پڕ لە مەترسییەوە. ئەو شوێنانەی کە بۆ کشتوکاڵ و بەرهەمی جۆراوجۆری تر دەست دەدەن و داهاتیان باشە، ڕژێم کۆچەرە عەرەبەکانی بۆ هێناون و ئەو زەویانە بەناو دەهێنن و سوود و قازانجەکان تەنها لە خزمەتی دەستەلاتی ڕژێم و بەشێکیشی بۆ گیرفانی کۆچەرە عەرەبەکان خۆیان بەکاردەهێنن.

لەو ناوچانەی کە هێشتا کورد و عەرەب لە نزیکی یەکتر دان، وەکوو ناوچەکانی سەر بە کەرکووک و مووسڵ، عەرەبەکان لە دەیان لە دێهاتەکانی ئەو دەڤەرانەدا، زەویی کوردەکانیان لە ڕژێم وەرگرتووە و ئەمڕۆ خۆیان بە خاوەندیان دەزانن، هەر هەمان زەوی واتە "هی کوردەکان خۆیان" دەدەن بە کوردەکان بە "نیوەتۆو" بۆیان بەناو بهێنن. ئەمە یانی کوردەکان زەوییەکانی خۆیان بە نیوەتۆر دەکێڵن و لێرەش عەشیرەتە عەرەبەکان شوێنی ئاغا و دەرەبەگە کۆنەکانی چەرخەکانی پێشوویان گرتۆتەوە و ڕەنجی شانی ئەو خەڵکە دەخۆن.

بەشێکی گەورە لە جووتیاری هەژاری کورد، ئەو پارچە زەوییەی کە بۆی ماوەتەوە، ناتوانێ ژیانی خێزانەکەی بەتەواوی پێ دابین بکات، کەچی ئێستا دەبێ نیوەی بەروبومەکەی بە عەرەبە کۆچەرەکان بدات و بەمەش بژێویی ژیانی لەگەڵ بەش بکات.

سیستەمی دەرەبەگایەتی کە سەدان ساڵ بوو کوردستانی تەنیبوو و، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو گیانە دەرەبەگایەتییە لەناو کورددا کەم بووەتەوە و دوور نییە لە داهاتوویەکی نزیکیشدا ڕیشەکێش ببێ، کەچی کوردگوتەنی: (هەورەتریشقە بۆ من هەر دەبێ)، دەرەبەگەعەرەبەکانی ئەمڕۆ شان لە شانی دەرەبەگە کۆنەکانی پێشوو دەدەن و بە هەمان شێوە ڕەنجی شانی خەڵکی کورد دەخۆن و خوێنیان دەمژن. ئەمڕۆ عەرەب خۆیان بە خەڵکانی هۆشیار و لە دونیا تێگەیشتوو دەزانن، کەچی بەختی کوردە کە دەبێ لە دونیای دیموکراسی و پێشکەوتنی عەرەبییشدا هەر مێردەزمەی سەر گیانی کورد بن و سامانی کورد بە حەڵاڵی خۆیان بزانن. دەبێ چ ئایینێک و مرۆڤایەتییەک و وەکهەڤییەک ڕێگا بە کاری دزێوی لەو شێوەیە بدات؟ بە ڕاستی سەیروسەمەرەیە، ئایینی ئیسلام بە هەزاران ساڵ لەمەوپێش و سەرەتا لە ناخی نیشتگەی عەرەبەوە سەری هەڵدا و بەو ئامانجەی خەڵک فێری ژیانی سەر ڕووی زەوی بکات و بە شێوەیەکی گشتی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە نەهێڵێ، کەچی تا ئێستا هێندێک لە عەشیرەتە عەرەبەکان خەڵکی وا ڕادێنن کە دەست بەسەر بژێویی مرۆڤی تردا بگرن و ببنە شەریکی ژیانیان.

عەشیرەتە عەرەبەکان ژیانی ژێر عوربانە شڕەکانی بیابانەکان و کەندوکۆسپەکانی ئەهوازەکانی باب و باپیران جێدەهێڵن و بۆ سەر خاکی باب و باپیرانی کوردەکان دەگوازنەوە و مەزراکانیان بە نیوەتۆو پێ دەکێڵن. هەر وەک ئەوە وایە، وشە ژەهراوییەکەی ناو بەیانەکەی بەعس کە دەربارەی ئەنفالی خەڵکی کورد دابووی، هێشتا لە ناخیاندا بجووڵێ و هەر شتێکی کورد هەیبێ بە حەڵاڵی خۆیانی بزانن. دەی گەر وایە، بۆ دەبێ لەسەر فەلەستینییەکان و خەڵکی فەلەستین فرمێسک بڕێژن و ئیسرائیلییەکان بە داگیرکەر دابنێن، خۆ ئیسرائیلییەکانیش هەمان گوتەی بەعسیان بەسەر فەلەستینییەکاندا بەیان کردووە.

٢٠٠٢/١١/٢٦